دادنووس

## ئاکارەکان

**وەزارەتی تەندروستی**

**ژمارە :** 7534 **لە** 2014/5/26

**بە پێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (7)ی یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (15)ی ساڵی 2007 بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم ڕێنمایییەی خوارەوە :-**

**ڕێنمایی ژمارە ( 1 )ی ساڵی 2014**

**تایبەت بە تۆمارکردنی لق و کۆمپانیاکانی خزمەتگوزاری پزیشکی کۆمپانیا نەوتیەکان ، گواستنەوەی نەخوش لەناو هەرێم , ناردنی نەخۆش بۆ دەرەوەی وڵات**

**یەکەم : ڕێنماییە گشتییەکان :-**

**1- پێشکەش کردنی بڕوانامەی تۆمارکردن لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی حکومەتی هەرێمی کوردستان .**

**2- سەرپەرشتی و چاودێری ئەو کۆمپانیایانە لە لایەن وەزارەتی تەندروستی دەبێت .**

**3-پێوستە کۆمپانیاکە پابەند بێت بە پاراستنی نهێنی نەخۆش و نەدرکاندنی تەنها بۆ ئەو لایەنەی کە نەخۆش ئاگادارە و ڕەزامەندە لەسەری .**

**4- نوێکردنەوەی مۆڵەت هەر (2) ساڵ جارێك دەبێت .**

**دووەم : ڕێنماییە تایبەتییەکان :**

**- تۆمارکردن و کردنەوەی لقی خزمەت گوزاری پزیشکی تایبەت بە کۆمپانیا نەوتیەکان :**

أ- پێداویستیەکانی کارکردنی کۆمپانیا :-

1- کۆمپانیا پێویستە نووسینگەی تایبەتی خۆی هەبێت ڕووبەرەکەی لە (200 م) کەمتر نەبێت وە شوێنی وەستانی بە لایەنی کەم (3) ئەمبولانسی هەبێت .

2- پێویستە کۆمپانیا بۆ گشت کێڵگە نەوتیەکانی کارکردن ئەمبولانس دابین بکات کە دەبێت بەپێی تایبەتمەندی بەڕێوەبەرایەتی کردە پزیشکیەکانی وەزارەتی تەندروستی بێت .

3- دابین کردنی پزیشك و کارمەندی تەندروستی وە شوێنی حەوانەوەیان لە هەرکێڵگەیەك .

4-کۆمپانیا پێوستە گرێبەستی تایبەتی هەبێت لەگەڵ نەخۆشخانە تایبەتەکان بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشەکان .

5- نابێت کۆمپانیا نەخۆشەکان بگوازێتەوە بۆ بنکە تەندروستیەکان و نەخۆشخانە حکومیەکان .

6- دەبێت کۆمپانیا دەرمان و کەل و پەل و پێداویستی پزیشکی بە کوالیتی بەرز و پێویستە لەناو هەرێمی کوردستان دابین بکات بۆ چارەسەری نەخۆشەکانی ناوگرێبەست .

ب- دامەزرندنی پزیشك و کارمەندی تەندروستی :-

1- پێویستە کۆمپانیاکە پێش (2) مانگ لە هاتنی کارمەندانی ( پزیشك , پزیشکی ددان , دەرمان ساز , کارمەندی تەندروستی ,هتد .....) گشت بەڵگەنامەکانی داواکار پێشکەش بە لێژنەی باڵای هەڵسەنگاندن بکات لە دیوانی وەزارەت .

2- ستافی پزیشکی کۆمپانیەکانی خزمەت گوزاری تەندروستی تەنها بۆیان هەیە خزمەت گوزاری تەندروستی دابین بکەن بۆ کۆمپانیا نەوت و غاز کە گرێبەستیان لەگەڵ کردوون .

3- بەلگەنامە پێویستەکان بۆ پزیشك و کارمەندی بیانی :

أ- بروانامەکە پەسەند کرابێت لەلایەن باڵیۆزخانەی عێراق لەو وولاتە یاخود کونسوڵخانەی ولاتەکەی لە عێراق یان لە کوردستان .

ب- پێشکەش کردنی ( c.v ) تایبەت بە داواکار .

ج- وێنەیەك لە کۆپی پاسپورت و بڕوانامە .

د- داواکار ئەستۆپاکی ( براءة الذمة ) بهێنیت لەم کۆمپانیایانەی یاخود ئەم نەخۆشخانەی کە کاری تێدا دەکات لە وولاتی خۆی .

4- بەڵگەنامە پێویستیەکان بۆ پزیشك و کارمەندی خۆماڵی

أ- پشتگیری سەندیکای پەیوەندیدار .

ب- پێشکەش کردنی ( C.V ) تایبەت بە داواکار و بڕوانامەکەی .

ت- داواکار ئەستۆپاکی ( براءة الذمة ) بهێنێت لەم کۆمپانیا یان ئەو نەخۆشخانەی کە کاری تێدا دەکات .

پ- نابێت پزیشکی نیشتەجێی خولاو یان نیشتەجێی دێرین بێت .

- دامەزراندنی کۆمپانیای خزمەتگوزاری پزیشکی گواستنەوەی نەخۆش لە ناو هەرێم :

1- پێویستیەکان بۆکردنەوەی کۆمپانیا :-

أ- نووسینگەی تایبەتی هەبێت و شوێنی وەستانی (3) ئەمبۆلانسی هەبێت .

ب- لایەنی یەکەم کۆمپانیا دەبێت (3) ئەمبولانسی هەبێت کە دەبێت بە پێی ڕێنماییەکانی بەڕێوەبەرایەتی کردە پزیشکەیەکان لە دیوانی وەزارەت بێت .

ت- بۆ هەر ئەمبولانسێك لایەنی کەم (2) کارمەندی پزیشکی هەبێت کە دەبێت دەرچووی یەکێك لەم دەزگایانە بێت ( کۆلیژی پەرستاری , پەیمانگای پزیشکی , ئامادەیی پەرستاری ) بێت .

پ- دەبێت کۆمپانیاکە لە ژێر بەرپرسایەتی دکتۆر بێت بەلایەنی کەم خزمەتی (6) ساڵ کەمتر نەبێت و تایبەت بە فریاگوزاری بێت و نابێت لە کۆمپانیایەکی تر کار بکات .

ج- دەبێت پزیشکەکە پشتگیری سەندیکای پزیشکانی کوردستانی هەبێت .

ح- پێویستە کۆمپانیا کۆگای تایبەت بە دەرمان و پێداویستی پزیشکی هەبێت بەم تایبەتمەندیانەی خوارەوە :-

1- ڕووبەری کۆگا (20)م کەمتر نەبێت .

2- کاشی ڕێژ بێت .

3- سەقفی سانەوی بێت .

4- سیستەمی ئاگر کوژێنەوەی تێدابێت .

5- ئامێری ساردکەرەوەی بۆ هەڵگرتنی دەرمان .

2- چۆنیەتی کارکردنی کۆمپانیا :-

أ- کۆمپانیا نابێت گرێبەست لەگەڵ هیچ کۆمپانیایەکی تر بکات ( نەوت , غاز , پاڵاوگە ) .

ب- لە کاتی هێنانی کارمەندی پزیشکی بیانی دەبێت یەکسانی بەڵگەنامەیان بۆ بکرێت لە وەزارەتی خوێندنی باڵا پێش دەست بەکار بوون .

ت- دابین کردنی دەرمان و پێداویستی پزیشکی بۆ خزمەت کردنی نەخۆش لە لایەن کۆمپانیا دەبێت لە ناو هەرێم دابین بکرێت .

- ئەو کۆمپانیایانەی لە بواری خزمەتگوزاری ناردنە دەرەوەی نەخۆش کاردەکەن :-

1- پێویستە کۆمپانیاکە تۆمار کراو بێت لە وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی حکومەتی هەرێمی کوردستان .

2- پێویستە نووسینگەیەکی شیاوی هەبێت بۆ راپەراندنی کارەکان کە رووبەرەکەی لە (100)م کەمتر نەبێت .

3- بەرێوەبەری رێگە پێدراوی کۆمپانیا بەرپرس دەبێت لە بەرامبەر یاسا لە کاتی روودانی هەر سەرپێچییەك لە ناردنە دەرەوەی نەخۆش .

4- پێویستە کارکردنی کۆمپانیا لە ژێر چاودێری پزیشك بێت بە مەرجێك ماوەی خزمەتی لە (6) ساڵ کەمتر نەبێت وێنەیەکی لە گرێبەستی کارکردنی هەبێت لەگەل کۆمپانیاکە دا .

5- چاودێری و بەدواداچوونی کارەکان لە لایەن لیژنەیەکی تایبەتی رێگە پێدران و بەرێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون ئەنجام بدرێت .

6- پێویستە کۆمپانیا ساڵانە ئامارێك بە ژمارەی نەخۆش و جۆری نەخۆشیەکانی پێشکەش بکات بە لیژنەی رێگە پێدراوی تایبەت لە وەزارەت .

7- پێویستە نەخۆش راپۆرتی پزیشکی پسپۆری هەبێت کە دەتوانێت گەشتەکە ئەنجام بدات .

8- پێویستە نرخی تێچووی خزمەتگوزاریەکە لە لایەن کۆمپانیاوە روونبکرێتەوە بۆ نەخۆش و وێنەیەك لە بەڵگە نامەی پێویست بە تێچووەکان بدرێت بە نەخۆش پێش ناردنی نەخۆش بۆ دەرەوەی وولات .

9- پێویستە سەرجەم بەڵگەنامەکانی پەیوەست بە نەخۆش لە ئەرشیفی کۆمپانیا هەڵبگرێت بۆ سوود وەرگرتنی لە کاتی پێویست .

10-کۆمپانیا بەرپرسە لە جێ بە جێ کردنی رێو شوێنی پێویست بۆ دابین کردنی ڤیزا و شوێنی مانەوە بۆ نەخۆش و هاوەڵی ( لە کاتی پێویست ) .

سێیەم : ئەم ڕێنماییە جێ بەجێ دەکرێت لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) .

د. ڕێکەوت حمە رشید
وەزیری تەندروستی

وەزارەتی ناوخۆ

بەیانی ژمارە ( 4 )ی ساڵی 2014

ئاماژە بە نوسراوی پارێزگای سلێمانی ژمارە(7723 لە 2014/4/8) و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بریارماندا بە :-

- پەسەندکردنی حەرەمی نوێی گوندی (سەروەزەن) سەر بە قەزای هەڵەبجە/ناحیەی بیارە و چەسپاندنی لەسەر نەخشەی کادسترۆ بە رووبەری(9) دۆنم لەسەر پارچە زەوی ژمارە (88) لە(کەرتی60 / دەگا شێخان) بەپێی یاساکاری کوژانەوە ودەست هەڵگرتن بکرێت .
- ئەم بەیانە کاری پێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ڕێکەوتی 2014/5/18 .

کریم سنجاری
وەزیری ناوخۆ

---

وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی